به بۆنەی بیست و دووەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ڕامانێک لە ڕامان

**د. ئازاد هیدایەت دەلۆ**
**(زانکۆی سۆران - کۆلێژی ئاداب)**

دەڵێن هەر نووسەر و خاوەن قەڵەمێک چەند ئاستی خوێندنەوەی لاوازتر بێت و لە کزی بدات، بێ گومان ئەوەندەش ئاستی نووسین و بەرهەمیشی کز و کەمتر دەبێت، وەک دەڵێن گلۆڵەی نووسینی بەرەو لێژی دەڕوات. من پێم وایە هەر نووسەر و خاوەن قەڵەمێک ئەگەر تەنیا مانگانە بە وردی ڕامان بخوێنێتەوە، ئەوە لەو هاوکێشەیە ڕزگاری دەبێت و ئاستی نووسین و بەرهەمیشی وەک خۆی دەمێنێتەوە، نەک لە کزی بدات، بەڵکو دەبێتە خاوەن بیرۆکەی نوێ و زیاتر دەتوانێ ئەسپی خۆی پێ تاو بدات، گۆڤاری ڕامان مانگانەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە، توانیویەتی چەندان جۆر بابەت لە خۆ بگرێت، چ وەک دەق، یان ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، هەڵسەنگاندن، مێژوو، چاوپێکەوتن، هونەر، خوێندنەوەی کتێب، فەلسەفە و هزر... تاد. دۆکیومێنتی تایبەت بە بابەتەکان لە شوێنی خۆیان و بەقەبارەی خۆیان دادەنرێن و تا ڕادەیەکی زۆر ئەم گۆڤارەی جێگیر کردووە، لەوانەیە زۆرێک لە خوێنەران خوێنەری هەموو لاپەڕەکانی گۆڤارەکە نەبن، بەڵام مانگانەش چاوەڕوانن، چاوەڕوانی تەنیا (دۆسیە)یەکن کە مەبەستیانە.

خەڵکانێکی زۆر لەسەر (ڕامان)یان نووسیوە، دیارە بیروڕای جیاوازیش هەیە، ڕامان ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لە کات و ساتی خۆیدا دەردەچێت و کوالێتییەکی باڵای هەیە، لە ڕووی دیزاین و قەبارە و بەرگ و ژمارەی لاپەڕە و تیراژ و جۆری بابەتەکانی، زۆر جیاواز و بەرچاوە، زۆر بە کەمی هەڵەی تایپ و زمانی هەیە، بەمەش توانیویەتی خوێنەریکی زۆر و نووسەرێکی زۆر و هەمەلایەنە، لە هەموو لایەک و جوگرافیایەکی هەمەجۆری تێدا دەدۆزرێتەوە بیروڕای جیاوازی لە خۆی کۆکردووەتەوە، جگە لەمانەش ڕامان خاوەنی لینکی تایبەت بە خۆیەتی و خوێنەر لە هەر شوێنێکی جیهان بێت دەتوانێت بە ئاسانی بە هۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە یەکە یەکەی بابەتەکان بخوێنێتەوە و داونلۆدیشیان بکات، واتا لە شوێنی خۆیەوە دەتوانێت تەواوی ئەو ژمارەیەی مەبەستیەتی بە دەستی بهێنێت و زەخیرەشیان بکات.

ئەوەی جێی داخە خەڵکی ئەکادیمی و ناوەندی زانکۆ، بەتایبەتیش قوتابیان، زۆر کەم ئاگاداری ئەم گۆڤارەن و زانیارییان لە بارەیەوە نییە، بۆیە دەڵێم خۆزگە مامۆستایان لە ناساندنی ڕۆڵی خۆیان ببینیایە، بەتایبەتیش بە شەکانی زمان و ئەدەبی کوردی، بەشەکانی مێژوو، فەلسەفە کە دەتوانن هەم وانەکانی خۆیان و هەم بیری قوتابیەکانیان زیاتر بە ناوەرۆک و بابەتەکانی ناو ئەم گۆڤارە دەوڵەمەندتر بکەن، هەر بۆیەش دەڵێم خۆزگە ناوەندەکانی زانکۆ و کۆلێژەکان بە پێی پێویست و بە گوێرەی بەشەکان، مانگانە بە چەند دانەیەک بەشداری کڕینی ئەم گۆڤارە ئازیزەیان بکردایە و بە گرنگییەوە بەسەر بەشەکانیان دابەش بکردایە. خۆ ئەگەر ئەمە حاڵی زانکۆ و کۆلێژەکان بێت، بێ گومان وەزارەتەکان و دامودەزگاکانی تری حکومەت و زۆر لە ناوەندەکانی تر وەک دەڵێن تەقەی سەریان دێت و زۆر بەکەمی ئاگاداری ڕامان و ناوەرۆکی ئەم گۆڤارەن.

لە بارەی بنەماڵەی ڕامان، بە تایبەتیش سەرنووسەرەکەی کاک ئازاد عەبدولواحید من هیچ ناڵێم، پابەند بوون بە کات و ساتی دەرچوون و هاوسەنگی قەبارە و بابەتەکانی و نەفەس درێژی لە بەردەوام بوون و خۆڕاگرتن لە بەردەم هەر بارودۆخێکی نائاسایی وڵات، گەواهیدەری ڕاستی ئەو مەسەلەیەن.. خەرمان بەرەکەت.